**وەزارەتی ناوخۆ**

**بەیانی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢٤**

**هەمواری یەکەمی بەیانی لێخۆشبوونی سزاکانی ڤیزە**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ ، دوابەدوای بەیانمان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ و ئاماژە بە ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١ ، و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە:

**ماددەی (١):**

هەموارکردنی ماددەی حەوتەم لە بەیانی ژمارە (٢) ساڵی ٢٠٢٤ بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە: (ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچوونیەوە تاکو ریکەوتی (٢٠٢٤/٨/٣١) جێبەجێ دەکرێت و هەموو ئەوانەش دەگرێتەوە کە کۆدەکانیان تاکو رێکەوتی (٢٠٢٤/٤/٣) راگیرابوو .

**ماددەی (٢):** ئەم بەیانە لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

---

**وەزارەتی داد**

**بەیانی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٤**

بەپێی ئەو دەسەلآتەی پێمان دراوە لە ماددەی (٩) لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ لە پێناو بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە:

١- کردنەوەی (تێبینەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی فایدە ) لە ناحیەی فایدە پارێزگای دهۆک .

٢- ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و لە (رۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستان)بڵاودەکرێتەوە .

**فەرست إحمد عبدالله**
**وەزیر داد**